# دیوان
## لەسەر میری ئێمگیون*



Gunnar Ekelöf

گوننار ئێکێلۆف
1968-1907

وەرگێڕانی لە سویدییەوە
**رزگار شێخانی**

لەرێی "سەردێس"
ژنەکەم پێمدەڵێ چی دەبینێ.
ئەشکەوت، شوورەی رووخاوی سەرچیاکان.
وێنەیەکی سەرشاخ
نازانم وێنەی کێیە
کێ هەڵیکەندووە.
دەڵێ، بەفر لەسەر چیاکانە
وەک ئەوەی هەستم پێنەکردبێ.
دەڵێ، لادێییەکان جلوبەرگی رەنگینیان لەبەردایە
وەک ئەوەی نەمزانیبێ.
ئەمە راستەرێیە
بەناو زستاندا
بۆ ناو مانگی یەکشەوەی بە پیت دەچێ و
لەویشەوە دەچێتەوە سەر وڵاتی من،
بەناو ئەستێرەکەی ناو کەوانەدا
دەچێتەوە ناو زستانێکیتر.
دەمەوێ لەوێ گوێم لێبێ جۆگەکان،
جۆگەکانی چیا بێدەنگ بن.
هەر بۆئەوەی گوێم لە خوڕیان بێتەوە.

* قەسیدەیەکی درێژەی دوو بەشە، هەربەشەی بیست و نۆ شیعرە. ساڵی 1965 نووسراوە. باسی چارەنووسی میرێکی کورد دەکا لە سەردەمی بێزەنتینییەکان. لە ماوەی چەند مانگێکدا چاپدەکرێ

Sardes
سەردێس: شارێکە کەوتۆتە نزاری چیای "تمولوس" لە رۆژئاوای تورکیا و نزیکەی سەد کیلۆمەتر لە ئیزمیر دوورە. مێژووی ئەم شارە دەگەڕێتەوە بۆ چاخی برۆنزی. لە سەردەمی رووم، و بێزەنتینییەکانیشدا شارێکی گرنگ بووە. ساڵانی 600 ساسانییەکان داگیریانکرد و ساڵی 1401 یش مەنگۆلییەکان وێرانیان کردووە.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com